# با پێکەوە بۆ ئازادی هەمو زیندانیانی سیاسی تێبکوشین!

لە رۆژانی رابەردوو بە خەبات و تێکوشانی سەرجەم خەڵکی خەباتکاری کوردستان و خەڵکی تیکوشەر و ئازادیخواز لە دەرەو و ناوەوەی ئیران، حوکمی ئیعدامی حبیبوڵلا لەتیفی راگیرا، بەڵام راگرتنی ئەو حوکمە بە مانای هەڵوەشانەوەی حوکمی ئیعدامی حبیبوڵلا لەتیفی نیە.

شەوی رابەردوو کاتژمێر ١٠ی شەو بە کاتی کوردستان، لە لایەن هێزە ئەمنیەتیەکانی رژیمەوە هێرش کرایە سەر مالی حبیبوڵلا لەتیفی و حەوت کەس لە بنەماڵەی بەرێز لەتیفی و ژنێکی میوان لە ماڵیان، دەست بەسەرکران و بۆ شوێنێکی نادیار گوێزرانەوە. هەروەها لەم راستادا رژیم دەستی داوە بەگەرتنی بەربڵاو لە شاری سنە و ٢٠ کەس لە هەڵسوراوانی مافی مروڤ، خوێندکاران، هەڵسوراوانی کرێکاری و هونەرمەندان و هوڵسوراوانی ژینگەی دەسبەسەر کردەوە.

ئێمە وێرای محکومکردنی ئەم هێرشە بۆ سەر چالاکانی مەدەنی لە شاری سنە، خوازیاری ئازادی هەمو گیراوەکانین و هەروەها لە هەمو چالاکانی مافی مرۆڤ و چالاکانی مەدەنی و هەمو ئینسانێکی ئازادیخواز داوا ئەکەین بەدەنگی خەڵکی سنەوە بچن و هاودەنگ لە گەڵ ئەواندا، بۆ ئازادی زیندانیانی ئەم جەریانە و هەمو زیندانیان سیاسی و هەڵوەشانەوی حوکمی ئێعدامی هەمو زیندانیانی سیاسی تێبکوشن.

**رێکخراوی مافی ژنی کورد، مافی مرۆڤ**

رێکەوتی ٢٧ دیسامبری ٢٠١٠

بەرانبەر بە ٦ دی ١٣٨٩